


# * هەڵەبجەنامە *

سەعی  سەقزی قایشی





دوژمن پێت نۆشیم جامێ پڕ لە ژار
چوار دەورت گرتووم بە دووکەڵی ژار
چی ژارت هەیە بیکەی بە سەرما
نە چۆک دائەدەم، نە ڕێ ئەکەم خۆار

## شاری شەهید

کە گەڵای داریٚ ئەوەریٚ
دایە پیرەی جەنگەڵ
پرچی خۆی بۆ ئەڕنیٚ

گوڵیٚ ئەژاکیٚ
باخچە خۆی بۆ رەشپۆش ئەکا و
کۆڕی شینی بۆ ئەبەستیٚ

کانییەک کوێرۆ ئەبیٚ
دەریا بەکوڵ بۆی ئەکوڵیٚ و
هەور ئەسرینی بۆ ئەرێژیٚ

کەچی لەم سەدەیەدا
شاریٚ ئەمریٚ
کەسیٚ نییە کفنی بکا،
یەکیٚ نییە دایبپۆشیٚ
هەر ئێسک و پروسکی
منداڵە، جوانە، پیرە
لە بەر هەتاو دائەرزیٚ..!



سەگی دەوڵەمەندیٚ ئەتۆپیٚ
ئاخی بۆ ئەکێشن،
ماتەمینی بۆ ریٚک ئەخەن
بەرێز و ئێحترامەوە ئەینێژن.

شایٚ، وەزیریٚ، قوڵەسەفیریٚ
پاسەوانی خوێنمژیٚ،
داردەسی داگیریٚ
ئەگیریٚ یا ئەکوژریٚ
یەخە و بەرۆکیان دائەدڕن
لە تۆڵەیدا یەک بە هەزاران
لەخەڵکی ئەکوژن، ئەبڕن!

کەچی لەم سەدەیەدا
شاریٚ شەهید کرا
بە دەیان هەزار کەس لە ناوبرا
یەکیٚ دەمی هەڵنەچڕی،
کەسیٚ ورتەی لێوە نەهات
هەر جۆگەی چاوی خۆی و
خوێنی گەلەکەی نەبیٚ
کەس نەبوو،
هیچ شتیٚ نەبوو
لە سەر تەرمی بگری و
هاوارێکی بۆ بکات.

* لە زستانی 1988




## تۆیش ئێراقیت ؟!

نوری سەعید، ئێراقی
کەریم قاسم، ئێراقی
سەددام حسین، ئێراقی
غازی یاوەر و ئەیاد عەلاوی، ئێراقی
حەرەس جمهوری، ئێراقی
ئەمن و ئیستخبارات، ئێراقی
ئەتۆی **کوردی شیمیا لێدراو، و ئەنفالکراویش** ئێراقی؟!

دەبۆ جارێکیش بووە سەرپێچیکە لە یاسا!
لەو مێشکە داگیرکراوەت راپەڕە و راسا
بلێ: دەنگ نادەم!
مۆری نەنگینی هەڵبژاردنی
**ئێراقی** لە خۆ نادەم!

2005/1/20



## دەنگدان

دەنگ هەڵبڕن
دەنگی شادی و تەمتەراق
بلێن:
**نا**، بۆ **بەڵێ**
**بەڵێ**، بۆ **نا** و
نامانەوێت دەستووری
نگریسی **ئێراق**!

2005/10/10

سەبارەت بە دەنگدان بۆ دەستووری ئێراق، لە دەنگ
دەران ئەو دوو پرسیارەی خوارەوە کرا بوو
‹ بەڵێ › - ‹ نا ›
بە یەکێ لەوانە واتە ( بەڵێ ) یا ( نا )
دەنگ بە دەستوور بدە!

## بۆ 16ی مارش

‹16›ی مارش و‹16›ی مارش
یەکیان بەد و یەکیان باش!
دەپێم بڵێ، بۆ **مەی کورد**
کامیان **بەد** و کامیان **باش**؟!

❊

مانگی مارشی 2006

مارش بە سویدی‹ Mars › - ‹March› مانگی خاکەلێوەیە.
رۆژی 16ی مارشی 1988 دەوڵەتی **ئێراق** شاری هەڵەبجەی بوومبارانی شیمیایی کرد. رۆژی 16 ی مارشی 2005 یەکەمین کۆبوونەوە دەوڵەتی تازەی **ئێراق** دەستی بەکارکرد.



## دوو پەیکەرتاشی مێژوو

### پەیکەرتاشی یەکەم

بەساڵێک و بە دوو ساڵ
لە بەردێکی ئاسن ماچۆ
بە کوتک و قەڵەم و
چەکوش و چەقۆ
بەخوێنی دڵ
بە سۆمای چاو
بەرەنجی شان
زۆر لەسەرخۆ
(**میکلانژی**) ماهیر
تاشی پەیکەرەی عیسا و
موسا و مریەم
بۆ بینی جەماهیر!

❊

میکلانژ Michelange Bucnarroti
شاعیر، مێعمار و پەیکەرتاش و ماتماتیکزانی
ئیتالییایی لە نێوان ساڵانی 1475و 1564دا ژیاوە!

## پەیکەرتاشی دووهەم

به چرکەیەک و نیوچرکە
بێترس و لەرز و دڵەخورپە
بە هەناسەی **ژەنگاوییای**
بە ودمی **ئێراقیایی**
هەزاران موسا
هەزاران عیسا،
هەزاران مریەم،
هەزاران مەل و موور،
هەزاران گوڵی سوور،
هەزاران کێڵگەی شین،
هەزاران چاوگەی ژین
کران بە پەیکەر
بێ ماندوو بوون بێ دەردیسەر
بە پەنجەی **مرۆڤکوژانی ماهیر**
بۆ **کۆشکی خۆێنمژانی جەماهیر!**
ئەو پەیکەرتاش، ئەم پەیکەرتاش.
ئەو شاعیر بوو، مێعمار بوو،
هەروەها ماتماتیک زانێکی ئەمیر!
ئەمیش دڕندەیەکی خوێنرێژ و
خۆپەرەست و کورسی ئەسیر!



## سوڵتانی درۆ

ئەیکوت : (**حەڵاج**)م
هەر ئەمن حەقم!
ئەیکوت: من (**شێخ**)م
ناجی میللەتم!
ئەیکوت: من (**کارڵ**)م
یاری رەنجدەرم!
کە کەوتە کڵ
بوو بە شبلی،
بوو بە شێخ گیر
بوو بە یاری دوژمنی
هەژار و فەقیر!

***

حەڵاج : مەنسوور حەڵاج. شێخ: شێخ مەحموود حەفید.
کارڵ: کارڵ مارکس.(شبلی: هاوڕێ و قوتابی مەنسور حەڵاج بوو)
بەڵام لە بیروباوەڕی خۆی وەرگرا، کاتێکدا حەڵاج بەرباران
دەکەن ئەویش بەشداری دەکات. دوو شت دەربارەی دەگێڕنەوە.
1. دەڵێن: شبلی لە بری بەرد گڵێک دەدات بە حەڵاج دا، حەڵاج
دەڵێت ئەو گڵەی شبلی لە بەردی ئەو خەڵک ئیشی زیاتر بوو،
چون ئەو خەڵکە نازانن چی ئەکەن، بەڵام ئەو ئەزانێت.
2. دەڵێن: شبلی گوڵێک بۆ حەڵاج دەخات. ئەوە لە راست ناچێت!
چون ئەوە گوڵباران کردنە نەک بەرباران کردن. لەو رۆژەدا
هەر کەس حەڵاج گوڵباران بکات، دژایەتی دەسەڵاتدارانی ئەو
سەردەمە دەکات و لە کاتەدا خۆیشی بەرباران دەکرێت.

## پاکانه

حەیفە بۆ باران کە ببارێ و
کێڵگە نەلاونێ
حەیفە بۆ تاو کە هەڵبێ و
گوڵ بژاکێنێ
حەیفە بۆ زاری ڕەوا
بۆ ڕییا سەر دانەوێنێ
حەیفە بۆ وێنەیەک و
دوو دێڕی کەم بەها
لە گۆڤارێکی ناسراو بێ بەها
دەفتەری مێژووت بسوتێنێ
ناوی زیندووی خۆت
لە دڵی هەژاراندا بمرێنێ

حەیف بۆ تۆ کە وات کرد
هەژارت مات کرد،
دوژمنت شاد کرد!
***

گوندی (گولان) 1988





ئەڵێن کە خەمت بوو برۆ گوێ ڕووبار
بۆی هەڵڕێژە یەک بە هەزار
باری شانت سووک ئەبێ و
ئەیبا سەرەوخوار

دووێنێ چوومە گوێ سیروان
دانیشتم و دەستم کرد بەگریان
لافاوی سرشکم وەها بوو
سیروانی کردە مەلەوان
***

## سیاسەتی بێدەنگی

بۆ کارەساتە ترۆریستیەکەی رۆژی 1/2/ 2004 ی هەولێر

### ( 1 ) بێدەنگی

سانییەک بێدەنگی!
ساتێک بێدەنگی،
ساڵێک بێدەنگی،
سەدەیەک بێدەنگی
لە لایەن ئێمەوە
ئێمەی دەسەڵاتدارانی جهانەوە،
ئێمەی رێکخراوەی نەتەوەیکگرتووەکانەوە،
ئێمەی رێکخراوەی مافی مرۆڤ و ئاژەڵەکانەوە
بۆ رێزگرتن لە شەهیدانی کوردستان
راگەیاندراوە، بێدەنگی!
بریارماندا بۆ بێدەنگی،
بێدەنگی!
هەتاهەتایە بێدەنگی!



### ( 2 ) بێدەنگی

سانییەک بێدەنگی!
ساتێک بێدەنگی،
ساڵێک بێدەنگی،
سەدەیەک بێدەنگی
لەلایەن ئێمەوە،
ئێمەی سیاسییەکانی جهانەوە،
ئێمەی یەکسانیویست و ئازادیخوازانەوە،

لە لایەن ئێمەوە
ئێمەی مسوڵمان و
لایەنگری ئاینەکانەوە
بۆ رێزگرتن لە شەهیدانی کوردستان
راگەیاندراوە بێدەنگی!
بریارماندا بۆ بێدەنگی
بێدەنگی!
هەتاهەتایە بێدەنگی!

2004 /2/4

## ( 1 ) **سیاست سکوت**

یک سانییه سکوت!
یک ساعت سکوت،
یک سال سکوت،
یک سده سکوت
از جانب ما ابر قدرتها و
سازمان ملل متحد

از جانب ما سازمان دفاع از حقوق بشر و
انجمن دفاع از حیوانات
برای گرامیداشت شهیدان کردستان
اعلام گشته است سکوت!
هم اکنون اعلام میداریم سکوت،
سکوت
برای همیشه سکوت!

2004 /2/4



## (2) **سیاست سکوت**

یک سانییه سکوت!
یک ساعت سکوت،
یک سال سکوت،
یک سده سکوت
از جانب ما سیاسیهای
یکسانی طلب و آزادیخواهان

از جانب ما مسلمانها و
طرفداران کلیه ادیان
برای گرامیداشت شهیدان کردستان
اعلام گشته است، سکوت!
هم اکنون اعلام میداریم سکوت
سکوت،
برای همیشه سکوت!

2004 /2/4

ژیانی کوردان ئەنگوس لە چاوە
نەبوو قەت تیشکێ بدا لەو ناوە
ئازادی ئەمرۆ دنیای کرد داگیر
تازە بەندخانە بۆ کورد کراوە

ساڵی 1357 لە ئێران خەڵک بەدژی شا راپەرین، لە دەورانی راپەریندا کەش هەوایەکی ئازادی سیاسی لە ئارادا بوو. (شاپور بەختیار) بوو بە سەرۆکوەزیر تا ئەو راپەڕینی دامرکێنێتەوە، لەو دەورانەدا هاتە تەلەڤیزیۆنی تاران و هێرشی کردە سەر میللەتی کورد. منیش ئەو چەند دێڕەم دربارەی ئەو وتووێژە نووسی.





فتوای جهاد بەی، یا ئەمری ئاشتی
بەڕاستی بژی، یا بەشەیادی
لەبۆ هەر دوویان یادت ئەکەنۆ
بۆ ئەمیان چلۆن،
بۆ ئەویان چلۆن

ساڵی 1358- 1979 رابەری ئێران ئایەتوڵا خومەینی فتوای جهادی گەلی کوردی راگەیاند. ( عەبدولحەسەن بەنیسەدر) سەرۆککۆمار و سەرۆکی هێزی سەربازی ئێران کوتی:
**تا سەرکوتی کوردستان کەس نابێ بەنی پۆتین و پۆستاڵەکانی کاتەوە!**



## لەیادی گوللەبارانکراوەکانی کوردستان

لە چاپخانە پیتەکان بەلای یەکەوە رادەگرن
مرۆڤەکانیش لە کوردستان
ئەویان دەبێت بە پەرتوک
ئەمیش دەبێت بە گۆڕستان



## بۆ 31ی ئاب،‹ئاگوستی› 2005

ئەڵێن: 31ی ئاب رۆژێکی نابابە
ئەڵێم: ئێستا هەموو رۆژێکمان ئابە!
بۆ ئاب بوو کوشتمان خودی باب
بووینەوە بەخزمەتکاری بەغای باب.

**بۆ مناڵە ونبووەکانی کۆڕەوەکەی 1992ی باشووری کوردستان**

## پێناسە

لەسەر سنگە رەق و تەقەکەم
هەڵکەنن ناوی شار و گوندو گەڕەکەم

پێستی قۆڵە باریکەکەم بگرن بە مقاش
بە داغ بینووسن ناوی باک و دایکەکەم

ناوم لێ بنێن ئاوارە
هەڵێکەنن لە هەنییە خەمبارەکەم

گوروی خوێن بۆ من هیچ سوودی نییە
چونکە هەر خوێنی منە دەچێتە دەماری دوژمنەکەم

من کە ئاوارەی سەد شار و گوند و دۆڵ ئەبم
با لە پێست و ئێسقانا بنووسرێت پێناسەکەم

با کە مردم بە بێ کەسی
یەکێ بلێ بە دایک و باوکە هەژارەکەم

با جهانی موتەمەدن شانازیکا بە ژیانی
منیش، با وەها بێ ژیانەکەم

با ئەوان بکەن چەژنی رۆژی مناڵ
منیش ئەکەم تف لە رۆژی لە دایک بوونەکەم. 1992



## کوردستان لە ژەنگاوی ژار و ژەنگ دا

زرمەزرمی سەربان دێ
تەپەتەپی دالان دێ
دالان، وان لە نێو دالان
دالە، هاتووە بۆ گۆشتی ئینسان

درگا کەوتە سەر گازی پشت
گیرا، چواردەور و تەنشت
بەر قۆناغ و پۆستاڵ کەوت
سەر، پەراسو، ران و پشت

چاو بە دەسرە داپێچرا
دەس لە پشتەوە بسترا
پەنجە لەسەر پێکە دانرا
گەورە و بچووک بێگیانکرا

کون و کەلێن پاکی گەڕان
مجری و یەغان هەڵچڕان
زێر و زیو، پول و پارە دەرهێنران
بە یاسای دین حەلال کران.

## مەرجەکانی مافی مرۆڤ

تا چاو نەبریتە بارەگای خودای
تا دەس بە دامێنی رەسوڵی نەبی،
تا سەر لە حەجەرالئەسوەتی دراو نەسووی،
تا سەفا و مەروای پترۆڵ
بە سەری رووت و بە پێی پەتی تەی نەکەی
نە بەشەری، نە ئیسانی، نە مرۆڤی
تۆ بێ مافی، بێ مافی بێ مافی

تا بڕوات بە مەسیح و خاچ نەبێ،
تا نەبی بە سەکی سەکی کافی،
تا سەرت بەبێ بە زەنگۆڵەی دیوارە نۆدبەکان
نە بەشەری، نە ئیسانی، نە مرۆڤی
تۆ بێ مافی، بێ مافی، بێ مافی

تا نەبی بە پیت پیتی ئیدئۆلۆژییەکان
تا نەتوێیتەوە لەناو ئایەت و حەدیسەکان
تا نەبی بە ئاهەنگی مارکس و لنین و ویڵسنەکان
نە بەشەری، نە ئینسانی، نە مرۆڤی
تۆ بێ مافی، بێ مافی، بێ مافی



تا سەر بۆ ئەوانە شۆڕ نەکەی،
تا جڵێ ریا و درۆ لەبەر نەکەی
تا تاجی راستی و پاکی فرێ نەدەی
تا لە دەریای جامبازیدا بێ باکانە مەلە نەکەی
نە بەشەری، نە ئینسانی، نە مرۆڤی
تۆ بێ مافی، بێ مافی، بێ مافی

شەرتە کرنۆش بۆ بارەگای سەگ و گورگان بەرم
یاسای جەنگڵ بپەرەستم و بینێمە سەرسەرم
شەرتە نازناوی ئەشرەفی مەخلوقات
نەبێت بە پێناسەم
تا مافی مرۆڤیان تێکەلاو نەبێ
بە خوێن و بە هەناسەم.

## {( بەڵگەنامەی ژمارە 14

بەناوی خوا،

سەرۆک کۆمار موهیب روکن صدام حوسین ی بەڕێز خوا بیپارێزێ

سڵاوێکتان ئاراستە دەکەم سڵاوی هاورێیانەی خەباتکارانەی خۆمتان وەک هاوڵاتییەکی بە ئەمەک پێشکەش دەکەم، بەناوی عەداڵەتی بەعسییەکانەوە لێتان دەپاڕێمەوە داخوزییەکەم بۆ جێبەجێ بکەن کە شەو و رۆژی لێم تاڵ کردووە و تووشی گیروگرفتی بێهودەی کردووم. کاتێکیش کە هیچ کەسم لە ئێوە زیاتر شک نەبرد پەنای بۆ بەرم، گیروگرفتەکەم خستە بەرچاوی بەڕێزتان بەشکو ئەمە خوایە چاوێکی بەزەیی پیدا بخشێنن.

گەورەم ـ من کە لە خوارەوە ئیمزام کردووە (عاصی مصطفی احمد) لە 1990/8/24دا لە ئەسیری گەڕامەوە، سەربازێکی ئیحتیاتم لە دایکبووی 1955 لە ناوچەی شوش دا بەشداریم لە شەڕگەی قادسییەی صدامی سەرکەوتوو کرد و لە 1982/2/27 دا بەدیل گیرام و تا رۆژی دەرچوونی بڕیاری گۆڕینەوەی دیلەکان من هەر دیل بووم.

پاشان گەڕامەوە خاکی نیشتمان و خۆڵی ئەم نیشتمانە خۆشەویستەم ماچ کرد و لە بەردەم وێنەی سەرۆکی فەرماندەی سەرکەوتوو لەدام حوسێن دا کرنۆشم برد. دڵیشم پڕ بوو لە پەرۆشی بۆ گەیشتنەوە بەخێزانەکەم تا چاویان بە من شادبێتەوە، منیش بە بینینیان بکەومە خۆشییەکی بێ وێنەوە. بەڵام بەداخ و کەسەرەوە چووم بەسەر خانووی خاڵی و داروخاودا، نە ژنەکەم و نە منداڵەکان نەبینییەوە، ئای لەم کارساتە ترسناکە. پێیان وتم:



گشت خێزانەکەت کەوتوونەتە دەست هێزەکانی ئەنفالەوە.

ئێستا هیچ لە بارەی چارەنووسیانەوە نازانم. لە بەر ئەوە ئەم سکاڵایەم هێناوەتە لای بەڕێزتان و تکام وایە بفەرمون سۆزێکتان بۆم بجووڵێ و لە بارەی چارەنووسیانەوە ئاگادارم بکەنەوە. خوا سەرکەوتووتان بکا و بتانپارێزێ و سپاس و رێزی زۆرم بۆتان.

خاوەنی سکاڵانامە، گەڕاوە لە دیلییەتی، بێخانەو لانە لە سلێمانی، سەربازی ئیحتیات.

عاصی مصطفی احمد

(1990/10/4

سەرچاوە، کتێبی تونی مەرگ، لاپەرە 35، زیاد عەبدورەحمان.}

## }} بەڵگەنامەی ژمارە 15

بەناوی خوا
کۆماری عێراق
دیوانی سەرۆکایەتی
ژمارە /ش.ع/ب/ع/ 11565
بروار 10/ رەبیعی دووەم / 1411 ک
1990 /10/29 ز
بەڕێز عالی مصطفی احمد
پارێزگای سلێمانی/ قەزای چەمچەماڵ
گەرەکی بێکەس/ مزگەوتی حاجی برایم
داخوازییەکەت لە‹ 1990/10/4 ز› ژنەکەت و منداڵەکانت لە کاتی کردەکانی ئەنفالدا بێ سەروشوێن بوونە کە لە ناوچەی باکوردا لە ساڵی 1988 جێبەجێ کراون.

ئیمزا سعدون علوان مصلح
لە جێگەی / سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی){.

تێبی تونی مەرگ، لاپەرە 36




بەڵگەنامەی ژمارە (١٥)

الجمهورية العراقية
ديوان الرئاسة

السيد عاصي مصطفى احمد / العدد / ش.ع / ب / ٤ / ١١٥٦٥
السليمانية / قضاء جمجمال / التاريخ / ١٠ / ربيع الثاني / ١٤١١ هـ
محلة / بيكس / مسجد حجي ابراهيم ٢٩ / ١٠ / ١٩٩٠ م

طلبك في ٤ / ١٠ / ١٩٩٠ م
أن زوجتك واولادك فقدوا أثناء عمليات الانفال
التي جرت في المنطقة الشمالية عام ١٩٨٨ .
مع التقدير

سعدون علوان مصلح
ع/رئيس ديوان الرئاسة

کتێبی تووێنی مەرگ
ڕێکخستن و نووسینی
زیاد عبدالرحمن

## کوردە بێگاری

بۆ کێ نەبووین بە پرد
بۆ کێ، نەبووین بە جادە
بۆ کێ، نە بووین بە باربەر
بۆ کێ نەبووین بە پیادە
بۆ کێ،
بۆکێ،
بۆکێ!؟

کێ بە رەنجی مە کۆشکی ساز نەکرد
کێ، بە خوێنی مە دەسنوێژی نەگرد
بادەی پەستیمان کێی، سەرخۆش نەکرد
کێ لە شادی تێکشکانماندا سەرچۆپی ئۆخەی نەگرد
کێ،
کێ،
کێ!؟





وێنە لە کتێبێکی سویدی وەرگیراوە،
بەداخەوە ناوەکەیم لە یاد نییە.

## تەیرە کولانە

دەیان ساڵە کونی چاو زەق
لە ئاسمانی ژینا ئەمانگری
دەیان ساڵە کونی خوێنرێژ
راومان ئەکاو وەرگمان ئەدرِی

دەیان ساڵە کونی بێفەر
دەرمان ئەکاو هەڵمان ئەبرِی
دەیان ساڵە کێڵگە و باخ و رەزمان
بە ناپاڵم ئەکێڵدری

دەیان ساڵە شار و گوندم
لە بری شادی شین ئەگێرِی
دەیان ساڵە کردەی ئێمەو بردەی ئەوە
یەکی نەبوو یەخەی بگری

دەیان ساڵە بەجێی عەترو بخور
هەر گازی خەردەلە بەسەرماندا دائەباری
دەیان ساڵە نە لە گەرمیان، نە لە کوێستان
مەلی نییە باڵی لێکدا و هەڵبفری



کاتی کونی زاڵم باڵی شکا و لاقی شەل بوو
بە زەلیلی لە ناو جێ بوو
ئێمە برسی ئەو کەژانە،
هەم هەژاری ئەو دەشتانە، لێی راپەرین بریانە

کەچی ئێستا دوژمنانی کوردی هەژار
بە خاتری کونی زامدار
خەریکن نفرەتمان ئەکەن
بە ئاژاوەچی ناومان ئەبەن.

چیتان ئەوێ تەیری گولان
لە کورد و لە هەژاران
ساتێ بژین بێ پەستی
جهان ئەروا بە راستی.

ساڵی 1991

## کوردستان

کوردستان شەهیدستان،
کوردستان سەرۆکستان،
کوردستان کورسی و کەرەسەی حیزبەکان
کوردستان بێکەسترین نیشتمان،
دیلی دەستی رووناکبیران!






Sai Saqzi Qayshi